# ئەم ئێوارەیە بارانێک کۆچ ئەکا، ئەمشەو شیعرێک ناگەڕێتەوە بۆ ماڵێ !



جەمال غەمبار

* پەیڤێکی شیعریی بۆ مەرگی سەڵاح محەمەدی شاعیر، کە نەمتوانی ئێوارەیەکی تر لە کەناری شیعرێکدا شەرحی غوربەتی بۆ بکەم *

کۆچی ئەو لە کۆچی کەس ناچێت
ئەو لەسەفەردا هەمیشە دڵی لای هەمومان دائەنا ..
ڕۆحی ئەو درەختێکی  غەمگینی "سەرکارێز"  و
شیعری ئەو چنارێکی تەنیای شەوانی" باخی گشتی " بوو .
ئەو دەمەشی بەفری مەراق سەروقژی هەموومانی سپی ئەکرد
ئەو بە پاڵتۆیەک حوزنەوە ئەهاتەوە لای وەرزی تەنیایی ئێمە .
ئەم سەفەرەی دوا سەفەر بوو،
هەر لە ئێوارەی شیعرەوە دیار بوو دوا سەفەرە .
ئەم کۆچەی ئەو دوا پرسیاری تەمەن بوو لە بێهودەیی ژیانێک

که خاڵییه له شەریعەتی ئاو ،
که خاڵییه له ویقاری گۆرانییەک
ئەو دەمەی " سەری ئەوی پڕ ئەکرد له سێبەر "
ژیانێک خاڵی له نەغمەی وەفا
خاڵی له دەستەکانی فریشته .
ژیانێک تا ئەبەد هەڵاتن لێی ، لەژیان خۆی ،
هەڵاتن له خاچی عەزابە تەڕەکانی !
ئەم سەفەرەی لەوانی تری نەئەچوو
که چرای عەدەمی هەڵکرد پرسی بە هیچ کەسمان نەکرد .
که جێی هێشتین ، ڕوبارێکی بۆ جێهێشتین پڕ بوو له مەرجانی عیشق .
که جێی هێشتین ، دەستی به چرایەکەوە جێما که چرای خۆشەویستیی ئێمه بوو .
قەڵەمی ئەو ، پێش سەفەر ، بەدیار شیعرێکەوە هەتا نغرۆبوونی هەتاو ، سۆزی لێ ئەتکا !
کۆچی ئەو له کۆچی کەس ناچێت .
بەر له کۆچ ، تا ئەوپەڕی شەراب
ئەو له باخچەکەدا گۆرانیی ئەچڕی
تا ئەوسەری گریان ، ئەو له شیعردا غەرق ئەبوو .
ئەو خەڵکی شاری قەسیدە و
ئەو منداڵی کۆڵانەکانی جوانیی بوو .
ئەو هەموو جارێ که بێرەدا ، بە لای دەنگی ئێمەدا تێئەپەڕی
گەر شیعریشی پێنەبوایە ، دڵی پڕ ئەکردین له خۆی .
ئەو که ئەگریا ، وەک مانگ ئەگریا
که مەست ئەبوو وەک پەپولە مەست ئەبوو ،
مەستانەش ئەیوت :
دڵم بریندار مەکەن ، چونکه له بری خوێن
هەر خۆتانی لێ ئەتکێن !
کۆچی ئەو له کۆچی کەس ناچێت ،
وەرن با له ماڵی خۆرنشیندا
یادی ئەو دابگیرسێنین ،
خۆمان له ڕوباری بێداریی شاعیرێک هەڵکێشین .
وەرن با له پەنجەرەی ئێوارانی پەژارەوە له بێدەنگیی ئەو بڕوانین .
وەرن با له شەوی دڵگوشرانی خوادا
گریانی ئەو بخەینەوە بەر تریفەی جاویدانیی !
وەرن با له کۆڵانی پڕ چاوشارکێی خەیاڵەوە ، منداڵیی لەگەڵدا بەشکەین ،
شیعری لەگەڵدا بخەینە ئینجانەکانی ژیانەوە ،
بچینەوە بۆ لای شەراب
بچینەوە بۆ لای گڵێک ، غەمگین وەک مەرگی ئەو
تەڕ وەک بەرائەتی کانیی .

* * *

سەفەری ئەو له هیی چ باڵندەیەکی تر ناکات .

ئەی دیوانە بێنازەکەم ،
ئەمشەو جێگەی شیعرێکی ئەو خاڵیی ئەبێت .
ئەمشەو بارانێک غائیبە !
ئەمشەو شیعرێک سەری بەخشیوە بە مەرگ و
ئەم نازنازە غەریبانە حەلقەی زیکریان هێندە ماتە لە سەرابی ڕوخاو ئەچن .
ئەی دیوانی پڕ لە هەوری قەسیدە و ماچ ؛
ئەمشەو بە چییدا بزانم کە ئەو نایەت ،
چۆن بزانم ئیتر دەستێک تەوقەی شیعرم لەگەڵ ناکات
باوەشی پڕ فەجری خۆیم تا ئەبەد بۆ ناکاتەوە !
وادە و بەڵێنمان وانەبوو
گوڵی دیدار لە باخچەکانی قیامەت بدەینەوە لە یەخەی یەک .
وادە و بەڵێنمان وا نەبوو
ئاخرین قاوەی هاوڕێیەتی لە گۆڕستانی غەریبان بخۆینەوە .
ئێمە وادەمان دانابوو جارێکی تر لە کەنارەکانی نیشتماندا ببینەوە بە منداڵ و
جلی جەژن و ، ڕانکوچۆغەی قەسیدەیەک لەبەر کەین و
سەرێک لە زانکۆ بدەین و
دەنگی ڕژاوی ( هیدایەت ) کۆکەینەوە و
لەوێشەوە پیاسەیەکی ڕەنگاوڕەنگی تووی مەلیک و
دواتر ببینە میوانی ساقییەکی عەزاپۆش و
بە ئەڤینەوە پێی بڵێین بمانباتە لای مۆسیقا .
بە ئەڤینەوە پێی بڵێین ، هێندەی غەریبیی ڕێ بدات
هێندەی هەڵبونی جیلوەیەک
سەکۆیەکمان لەم خەراباتی وجودە ، لەم خەڵوەتە پڕ لە میهرەی تەنیاییدا پێبەخشێت .
بەو عەزاپۆشە سەلارە بڵێین ؛
ئەمشەو هاتوین لە عەدەمەوە بنالێین !
باوەش بکەین بە گریانێکی مەحویدا و
هەندێک تریفەی ڕژاوی بنارەکانی موحیببەت کۆکەینەوە .
هاتوین هەندێک ڕوانینی عاشقانە لە قەفەسی ئەم چاوانە بەرەڵا کەین .
کردومانە بە عادەت و ، هاتوین دڵنەوایی پەنجەرەیەکی داخراو بدەینەوە !
کردومانە بە عادەت و ، هاتوین لە نزیک ڕوباری شەونم ، لای مێخەکی دڵنیایی
شەوێکی تر باوەشمان پرکەین لە گەڵا ، نەهێڵین سپێتیی شیعر کاڵ بێتەوە !
* * *
کۆچی ئەو لە کۆچی هیچ کانییەکی تر ناچێت .
مەرگی ئەو لەگەڵ باراندا هەڵی کرد و
لەگەڵ خامۆشیی چنارێکدا بە تویی کراسێک شیعرەوە
ئەم جەنگەڵەی ئێمەی جێهێشت !
ئێوارەیەک پێش جێهێشتن
دڵ بە دڵی عاشقان و
خەم بە خەمی ناو کۆڵانە مەلولەکانی نیشتمان ئەگەڕا.

ئەگەڕا و بە دەنگێک کە لە دەنگی زاهیدەکان ئەچوو
بە چرپە ئەیوت ؛
ئەمشەو خۆم و ماچەکانم جێتان دێڵین ،
ئەمشەو شیعرێک ناگەڕێتەوە بۆ ماڵێ !
ئەمشەو ئەچمەوە تەنیایی .
ئەمشەو ئەبمەوە بە باران !

****************      پایزی 2009 ی ئەدیلاید / ئوستراليا  ******

---